


## روانینێك لەوێنا جیاوازەكانی كامۆ

# ئەلبێر كامۆ كێیە؟

ئامادەكردن : رامان رۆژهەلات

ئەلبێر كامۆ نووسەری فەرەنسی لە رۆژی (٧) نۆڤەمبەری سالی (١٩١٣) لە مالباتێكی فەرەنسەوی لە ولاتی جەزائیر لە دایك بوو و باوكی ئەلبێر كامۆ كە لە شەری مارن لە شەرەكانی یەكەمی دونیا گیانی لە دەس داو ئەلبێر لە گەل دایكی خۆیدا كە بە رەسەن ئیسپانیایی بوو، لە شوێنی بە دونیا هاتنی دایكی لە ئەلجەزایردا ماوە . خێزانی ئەلبێر لەو دەستە كەسانە بوون كە بۆ وەرگرتنی زەوی بۆ كشت و كال كۆچبەری ئەلجەزایر بوون.

ژیانی مندالی ئەلبێر وەكو هەموو مندالانی تری كۆچبەران بە نەداری و هەژاری تێپەری و ئەوەش رێ لە تێگەیشتن لە سەر زۆر بابەت بۆ ئەلبێر كردەوە و كارێكیكرد، كە ئەلبێر لە ژیان و هەژاری ئینسانەكانی هاوژیانی تیبگات و دوای تەوا و كردنی پۆلی ناوەندی دەستیكرد بە نووسین و یەكەم بەرهەمەی خۆی كە شانۆنامەیەك بوو بە ناوی ((سو تەفاهم)) و پاشانیش كالیگۆلای نووسی كە هەدوو شانۆنامەكەی لە لایەن نووسەر و هۆنەرمەندانی ئەو سەردەمەوە بەو شاكارێكی ئەدبی ناو دەبرێ.

ئەلبێر كامۆ نابێت وەكو باقی نووسەر و رۆمان نووسەكانی تر سەیر بكرێ، كە تەنیا بە نووسینێك لە سەر بابەتێكی عاشقانە و پاشان گیروگرفتەكانی گەیشتن دوو خۆشەویست بە یەكتر بیەوێت بە پەلەكانی نووسینەكەی زیاد بكات، بەلكو نوسسینەكانی ئەو نوسینێكی فەلسەفی و خاوەن بنەمایەكی

**بە فەرمانی ئێستالین حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت، ئەلبێر کامۆی بە تاوانی بە دواداچوونی مەزهەبی پرۆتستان دەکات لە حزب کردە دەرەوە**

راستی کۆمەڵگای سەردەمە و لە بەر ئەو تایبەتمەندیانەیە کە زۆرکەس ئەلبێر کامۆ و لە قەوارە و ئاستی ژان پۆل سارتەردا دەبینن و وەکو ئەوان دەڵێن ئەلبێر کامو لە ئاستی هەستکردن بە راستیەکانی کۆمەلگا لە هەموو نووسەرەکانی سەردەمی خۆی پێشتر بووە و ئەوەی بە روونی لە نووسینەکانیدا نیشانداوە . یەکێ لە بەرهەمە سەرکەوتوەکانی ئەلبێر کامۆ رۆمانی کورتی بێگانەیە کە لەساڵی (١٩٤٢) دا نووسی و تا رۆژی ئەمرۆ جیگای خۆی لە ناو لایەنگیران و خوێنەرانیدا لە دەس نەداوە و تەنانەت بووتە بابەتی پەروەردە لە زۆربەی پۆلەکانی خوێندنی وڵاتی فەرەنسە و باقی وەڵاتانی رۆژئاوا .. ئەلبێر خاوەن بیر و بۆچوونی ئەگزیستانیالیستی بووە و ئەوش وەکو ناکۆکیەکی ئەوە لە گەڵ نووسینەکانیدا ، لە کاتێکدا کە زۆربەی رەخنەگران ئەوە لە دووروبوونی کەسایەتی ئەو ناو دەبەن و تەنانەت دەڵێن ئەلبێر هەولی شاردنەوەی کەسایەتی خۆی لە ناو نووسینەکانیدا دەدا و ئەوەش وەکو خۆ فریودانی ئەلبێر کامۆ ناو دەبەن، بەلام ئەوە کە ئەلبێر کامۆ لە وەلامی ئەواندا دەلی سەرەنج راکێشە و ئەو خۆی بە کەسێکی نا ئۆمید لە دونیا، بەلام گرێدراو بە جوانیەکانی دونیا و ژیان ناو دەبات، هەر بۆیە تاکو رۆژی ئەمرۆ لە لایەن هەندێك نووسەر و رۆشنبیر رەخنەی لێدەگیردرێت .

## ژیانی سیاسی ئەلبێر کامۆ

ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (١٩٣٤) دا پەیوەندی بە حزبی کۆمۆنیستی ئەلجەزایرە وە کرد و ئەرکی رێکخستنی لە ناو پرۆلیتاریای عەرب بەڕێوەدەبرد و توانی لە ماوەی (٢) ساڵدا زۆربەی ئاستەنگیەکانی ئەو حزبە لەرێکخستنی پرۆلیتایای عەرب چارەسەر بکات، پاشان لە (١٩٣٦) دا حزبی کۆمۆنیست بە فەرمانی ئێستالین (( حکومەتی یەکیەتی سۆڤیەت )) ئەلبێر کامۆی بە تاوانی ئەوەی کە گوایە بە دواداچوونی مەزهەبی پرۆتستان دەکات لە حزب کردە دەرەوە . ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (١٩٣٥)دا بە وەرگرتنی لیسانسی فەلسەفە یەکەم بابەتی خۆی وەکو بڕوانامەی زانکۆ لە سەر فلاتین ( فلسەفەی ئەفلاتوون )) خستە بەردم خوێندکارانی بواری فەلسەفەوە .ئەلبێر لە ساڵی (١٩٣٨) دا دەستیکرد بەنووسن لە رۆژنامەی (( ئەلجزایری کۆماری خواز )) و تا ساڵی (١٩٣٩) بەدەیان بابەتی چاپوبلاوکرایەوە و وەکو یەکەم نووسەری رۆژنامەکە توانی ناوی رۆژنامەی ئەلجەزایەری کۆماری خواز بباتە ئاستی رۆژنامەکانی گەورەی ئەو سەردەمە . ئەلبێر لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٣٩ تا ١٩٤١)بە نووسینی زەنجیرە بابەتێکی فەلسەفی ، کۆمەڵایەتی بە ناوی (( هەژاری قەبیلە)) کە باسی لە شاردنەوەی راستیەکانی بواری زانست لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەی رۆژئاوا دەکرد و ئەوەش هۆکاری رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی دەسەڵاتداری ئەو سەردەمە لە گەڵ ئەلبێر کامۆدا . ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (١٩٤٠) دا سەرنووسەری رۆژنامەی سیاسی (( سەردەمی کۆماری )) بوو کە لە لایەن دەزگاکانی سانسۆری ئەلجەزایر داخراو ئەلبێر کامۆ بە دەستووری فەرمانداری ئەلجەزایر وەکو مەترسیەك بۆ ئەمنیەتی ئەلجەزایر تۆمەتبار کراو و ناچار بوو بچێتە پاریس (( پایتەختی فەرەنسە )) و لەوێ دەستی بە نووسینەوەی بابەتی سیاسی و فەلسەفی کرد، لە رۆژنامەی (( ئێوارەی پاریس)) کرد و دوا بە دوای هێرشی ئەرتەشی ئالمانیای نازی (( نازیست )) لە گەڵ هاوڕیانیدا چووە شاری(( بۆردۆ ))لە رۆژئاوای فەرەنسە و تا ساڵی (١٩٤١) لەو شارەدا ماوەو و دەستی بە نووسینی بابەتی فەلسەفی کرد کە لە ساڵی (١٩٤٢) بە ناوی ((ئەفسانەی سیزێف )) چاپو بڵاوکرایەوە .

ئەلبێر کامۆ لە (١٩) دیسەمبەری (١٩٤١) دا شاهێدی لەسێدارەدانی ((گابریل پری)) بوو بە دەس نازیەکان (( نازیست)) وئەوش بوو بەهۆکارێك کە خۆی وەکو راچەڵەکنێکی گەورە لە ژیان ناوی لێدەبات و دوا ی ئەو رووداوە هەستی شۆرش لە دژی ئالمانی نازی تێدا گۆری و لە ساڵی (١٩٤٢) پەیوەندی بە رێزەکانی بەرخۆ دانی فەرەنسەوە بە ناوی(( نەبەرد)) گرت و دەستی بە تێکۆشان لە دژی ئەڵمانی نازیکرد .و لە هەمان ساڵدا رۆمانی گەورە و بە ناوبانگی خۆی بە ناوی (( بێگانە )) نووسی و بلاویکردەوە و ساڵی (١٩٤٣) بە هاوکاری گروپەکەی دەستیکرد بە دەرکردنی رۆژنامەیەکی نهێنی کە تێدا هزری بەرخۆدان لە بەرامبەر ئاڵمانیا بڵاو دەکرایەو و لەو سەردەمەدا بوو کە لە گەڵ ((ژان پۆل سارتر)) دا ئاشنا بوو، لەکاتێکدا سەرنووسەری رۆژنامەکەی




لە ئەستۆ بوو لە خاڵێکی پشکنین لە لایەن هێزەکانی ئاڵمانیاوە دەستگر کرا و بۆ ماوەیەك کورت زیندانیکرا . دوای دەرکەوتنی لەزیندان، لەهەمان ساڵدا شانۆنامەیەکی رەخنەگرانەی بە ناوی ((کالیۆگۆلا)) – ( کالیۆگۆلا ناوی سیهەمین ئێمپراتووری رۆمی کۆنە کە لە ساڵەکانی (٣١ تا ٣٧ زایینی حۆکمیکرد ) و دوای سەرکەوتنی ئەو شانۆنامەیە لە ناو مەحافێلی ئەدەبی کتێبێکی بە ناوی چەند نامەیەك بۆ دۆستێکی ئەلمانی بە شێوازێکی نهێنی بڵاوکردەوە. لە ساڵی (١٩٤٦) جوو بۆ ئەمریکا و لە سەر((ئەگزیستانسیالیم)) – ( Existentialism) – سێمینارێکی بە رێوەبرد و تاساڵی (١٩٤٧) دەیان سێمیناری بە شێوەیە ئەنجامدا، کە هەموو لە سەر بابەتی ئەگزیستانسیالیسم بوو .

هەروەها لە هەمان ساڵدا رۆمانێکی تری خۆی نووسی بە ناوی (( تاعون )) ( ناوی نەخۆشیەك بوو کە لە ساڵەکانی شەری یەکەم و دووەمی دونیا بڵاوبوو و ئەو نەخۆشیە لە مشکەوە بۆ مرۆڤ دەگوازرایەوە و وەکو بەڵای سەدە ناوی لێنرا )، هەروەها لە ماوەی ساڵەکانی (١٩٤٧–١٩٥١)شانۆنامەیەکی بەناوی ((دادوەرەکان )) نووسی و لە هەمان ساڵدا بەرهەمی تری فەلسەفی بەناوی (( ئینسانی تاغی )) چاپکرد و لە هەمانساڵدا بوو بە ئەندامی (( یۆنسکۆ))– ( un) و تا ساڵی (١٩٥١) وەکو نوێنەری ئەو رێکخراوە جیهانییە لە ئەلجەزایر کاریکرد و رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گواستنەوەی کیشەکانی کۆمەڵگای ناوبراو لە ئەو رێخراوەدا.لە ساڵی (١٩٥٢) لە سەر داواکاری خۆی لە ئەو رێکخراوە هاتە دەرەوە. ئەلبێر کامۆ تا دووایین رۆژەکانی ژیانی خۆی دژی سەربەخۆیی ئەلجەزایر و کردنە دەروەی کۆچبەرە فەرەنسەویەکان بوو لە ئەو وڵاتەدا، بەڵام هیچ کاتێك دەستی لە پاراستنی مافی مۆسلمانەکانی ئەو وڵاتەش هەلنەگرت و لە ماوەی ساڵەکانی( ١٩٥٤ تا ١٩٥٥ ) (٣٥)بابەتی لە رۆژنامەی ئێکسپرس لە سەر ناوی ئەلجەزایری پارچە پارچە نووسی، کە تێدا باسی لە زۆلم و بێ مافکردنی داگیرکەرانی ئەلجەزایر دەکرد لە سەر خەلکی ئەو وڵاتە . لە ساڵی (١٩٥٦) کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی لە ئەلجەزایر بەرێوە برد کە تیدا مۆدێلی پێشنیار کراوی (( سوییس)) سەبارەت بە دروست کردنی فێدراسیۆنێکی فرە نەتەوە و کلتوور دەپاراست و ئەوەی وەکو چارەسەریەکی بۆ ئازادی ئەلجەزایر ناو دەبرد . دوای ساڵی (١٩٥٦) ئەلبێر کامۆ لە کاری سیاسی دەستی بەردا و نووسینی ئەدەبی دەستپێکردەوە و دوو شانۆنامەی دیکەی بە ناوەکانی (( سقوگ)) – م/ دابەزین – داکەوتن – داروخان – و شانۆنامەی (( لە ماتەمینی راهێبە )) کە کاری نووسەرانی ئەو سەردەمە بوون خستە سەر سەحنی نەمایشەوە .ئەلبێر کامۆ لە ساڵی (١٩٥٧) خەڵاتی ئەدەبی دونیا (( نۆبێل )) ی وەرگرت و وەکو دوومین نووسەری لاوی دونیا ئەو خەڵاتەیوەرگرتووە.

سەرچاوەی: کتێبی تاعون ، ئەلبێر کامۆ